# خۆپیشاندانەکانی رانیە و کەلار
# سەرەتای دەورەیەکی نوێی بزووتنەوەی جەماوەری لە کوردستان

ئازاد ئەحمەد azadahmed71@yahoo.com

کوردستان دوای 14 سال لە دەسەلاتی یەکیتی و پارتی و ئیسلامیەکان ، لە شەوو رۆژیکدا تەنها چەند سەعاتی کەم کارەبای هەیە و لە هەموو کوردستان چەند گەرەکیك نادۆزیتەوە کە ئاوی پیویستیان هەبیت و بە ئاسانی بە دەستیان بگات و لەمسەر بۆ ئەو سەری کوردستانیش چەند کیلۆ مەترێك جاددە وریگاو بانی تازە و باش ناکەیت و سالانە بە هەزاران کەس دەبنە قوربانی خراپی جاددە وریگاو بانەکان کە هەمووی لە ئەستۆی دەسەلات دارانە ولە وولاتی نەوت و بەنزینیشدا بژیت بەلام, لە مانگی تەموززدا بەرمیلی نەوت بە 75000 دینار بیت ولیتری بەنزین بە 500دینار و لە بازاری رەشیش هەرچەندت پیویست بیت هەیە و یەکیتی بوون و پارتی بوون شەرتی بە دەست کەوتنی وەزیفە وبچوکترین ئیمتیازات بیت وگەندەلی ئیداریش لە ئاخر دەرەجەی بەرزی خۆی دا بیت وپارەی کەڵەکەکراوی مەسئولەکانیش رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبیت.

ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە سەرکوتی نارەزایەتیەکانی خەلك و تەقەکردن و تیرۆرکردنی نەیارانی سیاسی خۆیان و شەری ناوخۆو هینانی دەولەتانی مەنتەقە بۆ قوولایی خاکی کوردستان و هەلرشتنی پارە و فەرشی سوور راخستن بۆ ئیسلامیەکان و مەمنوع کردن وداخستنی بارەگای هیزە چەپ و عیلمانیەکان و .........هتد و ئاخرین دیاری دەستیشیان دەستوورە کۆنەپەرست وقەوم پەرست و شۆڤینیەکەیانە کە نەك هەر مافەکانی خەلکی کوردستانی تیدا نیە، بەلکو بە پیچەوانە لە حالەتی پەسندکران و جیبەجی بوونی ئەم دەستوورەدا، بە مانای گیرانەوەی خەلکی کوردستانە بۆ ژیر دەسەلاتی شۆڤینیزم و بە مانای دامەزراندنی جمهوریەکی کۆنەپەرستی ئیسلامی لە چەشنی ئیرانە کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەك دەستی ناوەتە بینە قاقای خەلکی ئیران و بە سەدان هەزار کەسی لە ناو بردووە .

خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی یەك سالی رابردووی کوردستان لە پیناوی کۆتایی هینان بەم وەزعە نالەبارەو بەدەست هینانی خواستە رەواکانی و باشتر کردنی خزمەت گوزاریەکان ونەهیشتنی گەندەلی ئیداری و باش کردنی سیستەمی خویندن و ئازادی و عەدالەت ولە کۆتایی دا بۆ دابین کردنی ژیانیکی باشتر و شایستە تر بووە.

بەلام هەمیشە دەسەلات داران و دوو زل هیزەکەی کوردستان ویستویانە هەرچی خواست و داواو خۆپیشاندانیکی خەلك هەیە لە کوردستان بە ئاژاوەگیر وتیکدەرو دەستی لایەنیکی سیاسی وتابووری پینجەم و شتی تری لەم بابەتەوە ،حساب بکەن ولە دواییەشدا بەم بیانوانەوە سەرکوتی بکەن و تەقە لە خۆپیشاندانەکە بکەن وخەلتانی خوینی بکەن.

ئەمرۆ لە دوای سەرهەلدانی ئەم بزووتنەوە ئیعترازیە لە کوردستان و خۆپیشاندانەکانی شاری رانیە وکەلار و کۆبوونەوە جەماوەریەکانی شاری سلیمانی ،یەکیتی نیشتیمانی وەکو حیزبی دەسەلاتدار لە ناوچەکانی پاریزگای سلیمانی ملی داوە بە داواکانی خەلك ولە هەمان کاتدا لە هەولی ئەوەدایە کە هەموو ئەو کەم وکوریانە بداتە پال چەند مەسئولیکەوە و بە گەندەلی و خۆدزینەوە لە بریارو راسپاردەکانی حکومەت وخراپ بەکارهینانی پۆستەکانیان تاوانباریان دەکات و دەیەویت وانیشانی هەموان بدات کە حکومەت لە شوینی خۆیەوە بوودجەیەکی زۆری بۆ پرۆژەکان تەرخان کردووە، بەلام ئەوە چەند مەسئولیکی نامەسئولی نەفس نزمن کە ئەو کەم وکوریانەیان بە وجود هیناوە ؟!!

بەلام ئەم بیانووەی دەسەلاتداران ناتوانی بە بالای ئەو هەموو کەم وکوریانە بیت کە وجودیان هەیە و بۆ هەموو کەس مەعلومە کە ئاوەکە لە سەرچاوەکەیەوە لیڵە.

من دەمەویت لیرەدا پەنجە بخەمە سەر ئەوەی کە لە دوای خۆپیشان دانی هەزاران کەسی خەلکی نارازی کەلارەوە ،سەعاتەکانی کارەبای شارەکانی کوردستان زیادی کردووە و بەرمیلیك نەوت بە سەر هەرمالیکدا تەوزیع کراوە وتا ئیستاش بەردەوامە و بەرنامەی هینانی مۆلیدەی زۆرتریش خراوەتە دەستوورەوە و.........هتد.

بەلام خەلکی نارازی دەبیت ئەوەیان بە تەواوی لا رۆشن بیت کە ئەمە تەنها بەرهەمی ئیعتیراز و نارەزایەتیەکانی ئەم دواییانەی خەلکە و ئەوەی کە خەلك خودی خۆیان بە کارەبای ئەمرۆی کوردستان دەلین کارەبای کەلار لە سەر وەزنی کارەبای بەنداوی دوکان ودەربەندیخان باشترین وەسفە و ئەگەر خۆپیشاندانی خەلکی رانیە و کەلار و سلیمانی و ..و.... نەبوایە ئیستا حالمان بە دەست نەبوونی کارەبا و سووتەمەنیەوە خراپتر لە ئیستا دەبوو .

بەلام لیرەدا دوو شت زۆر حەیاتیە کە دەبیت ئیشارەیان پێ بکریت:

1-ئەمەی کە تا ئیستا بە دەست هاتووە لە چاو ئەو هەموو خواست و داوایانەی کە خەلکی کوردستان هەیەتی زۆر کەمە و دەبیت زیاتر قۆلی لی هەلبمالریت و تا بەدی هینانی هەموو خواستەکان و رەفز کردنی دەستووری کۆنەپەرستانەیان ،بەردەوام بیت.

2-یەکیتی نیشتیمانی دەیەویت بە تەسلیم بوونی بەم خواستانە و جیبەجێ کردنی چەند شتیکی کەم لە خواستەکان ولابردنی چەند مەسئولیك و دانانەوەیان لە شوینی باشتر ،ئەم ئیعتراز و نارەزایەتیانەی خەلك کپ بکاتەوە و سەرەنجام خۆی لە ژیریان دەرباز بکات.

ئیمە زیاتر لە 14 سالە بە دەست نەبوونی و بێ دەرامەتی و شەری ناوخۆ و دەیان و دەیان کیشەی گەورەو بچوکەوە دەنالینین ، هەموو ریگایەك و هەموو جۆرە حکومەتیك لە لایەن یەکیتی و پارتیەوە تاقی کرایەوە و لە هەموو شکل و شیوازەکانیان دا ، بەشی خەلك تەنها رۆژ رەشی و بەشمەینەتی زیاتر بووە .

ئەم تەجروبانەی چەند مانگی رابردووی کوردستان و خۆپیشاندانەکانی رانیە و کەلار و سلیمانی و... هتد، باشترین دەلیلە بۆ ئەوەی تاکە ریگای بەدی هینانی خواستە بەرحەقەکانمان و کۆتایی هینان بە رۆژ رەشیەکانمان، تەنها وتەنها یەکگرتوویی و ریکخراوی خۆمانە و دەبێ ئیعتیراز و نارەزایەتیەکانمان ببەینە ئاستیکی بەرزترەوە ولە هەمان کاتدا دەبی هەلسوراوان ورابەرانی ئەم بزووتنەوە ئیعترازیەش لە ئاستیکی باشتر لە ریکخراویدابن و خواستەکانی خەلکی کوردستانیش بە شیوەیەکی باشتر و شەفافتر یادداشت بکرین کە ئەمە دەرگای باسیکی ترمان بۆ دەکاتەوە وهەول دەدەم لە داهاتوودا زیاتر بچمە سەر ئەم لایەنە.